# ڕەمەزان وموزەخرەفات

محەمەد غەفور

ئەمڕۆ دەزگا وکەناڵەکانی ڕاگەیاندنی هەردوو ئیمارەتی سۆران وبادینان لەکوردستان، بەبانگەوازی وەزارەتی ئەوقافەکانیان بەمەبەستی ئامادەکردنی زەمینە بۆ تەحەمولکردنو سەپاندنی وەیشوومەی مانگی ڕەمەزان، بەپڕوپووچی بینینی مانگ ونەبینی مانگ، لەپێناوی هەلۆژەنینی جەستەی کۆمەڵگا لەبەرگی ژەنگ وتاریکی ئیسلامیدا، دەرگای خورافات وتەبلیغاتی تاسێنەر وکۆنەپەرستانەیان ختسەسەر گازی پشت، بەناوی مانگی ڕەمەزانەوە!

من بەش بەحاڵی خۆم هەر لەتەمەنی9ساڵییەوە، کەباوکم بەپێچەوانەی ویستی خۆمەوە لەقوتابخانە دەریهێنام وخستمیە حوجرەوە، کاردی کۆنەپەرستیی ئیسلامی بەئێسقانم گەیشت. نەنوێژم نوێژ ونەقورعانخوێندنم قورعانخوێندن ونەڕۆژووشم ڕۆژوو بوو نەبڕواشم بەخوا بڕوابوو! لەوساوە بەپێچەوانەی ئامانجی باوکمەوە، لەباتی خوا، ڕوومکردە بێخودایی. لەجیاتی خورافات ڕێگای ڕۆشنگەریم گرتەبەر. لەجیاتی تەسلیمبوون یاخیبوونم هەڵبژارد. مەلای مزگەوت بەباوکمی دەووت؛ کوڕەکەت بەکەڵکی حوجرە وئیسلامەتی نایەت. بیخەرەبەر دەرسی "شەیتانی- مەبەستی قوتابخانەبوو!". کەباوکم هەستیکرد فەشەلی هێناوە، ئیتر هەمیشە پێیدەووتم، تۆ کافر وشیوعیت! ئێستاش ڕێبازی کۆمۆنیستیم هەڵبژاردووە، نەک هەر بۆ وەستانەوە بەرامبەر خودا و ئیسلام، بەڵکو بەمەبەستی خەبات وتێکۆشان شانبەشانی بزووتنەوەی ئازادیخوازی وسکۆلاریزم وشارستانیی‌یەت وپێشکەوتنخوازی بۆ بەرزکردنەوەی خۆهووشیاری وڕاوەستاوی کۆمەڵگا بۆ ئاستێک، هەتا لەلایەن خەڵک خۆیانەوە بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە بۆ هەتاهەتایە ئیسلام وخورافاتی ئایینی بخەنەلاوە ولەکۆمەڵگادا بیسڕنەوە. ویستم بڵێم هەر زوومن ڕێگای خۆمم لەو باوەڕە پووچ وخورافی ونەزانانەیە جیاکردەوە ودەرگاکەیم لەحیمکرد. بەمپێیە ڕەمەزانیش بەلای منەوە وبۆ من جگەلەوەی خۆی بەتەنها بەڵایەک و وەیشوومەیەکی کارەساتبار ومەرگبارە بۆ خەڵک وکۆمەڵگا، لەهەمانکاتدا داویکە بۆ پەلکێشکردنی منالان بۆناو موزەخرەفاتی ئیسلامی، هەڵدێرانیان بۆناو قووڵایی جەهل وتەسلیمبوون، کەیەکێک لەئاکامەکانی زیندەبەچاڵکردنی هیواو ئاواتی ملیۆنەها منالی وەک من بووە ودەبێت. بەڵام بەداخەوە هەر بەوڕاددەیەی تائێستاش خورافاتی ئایینی ولەوانەش ئیسلام بەڵاو وەیشوومەیەکی گەورەی سەرسەری کۆمەڵگایە، وکۆسپی سەرەکی ئازادی ویەکسانی وعەدالەتی کۆمەڵایەتی وسەعادەتی ئینسانە، وزنجیر وتەوقێکی سەنگینە

لەگەردن ودەست وپێی مێژوودا، وچینەداراکان بۆ ڕاگرتنی دەسەڵات وحکومەتیان دەستیانپێوەگرتووە، ڕەمەزانیش وەکو سوونەتێکی ئیسلامی هەموو ساڵێک یەک مانگی تەواو کۆمەڵگا وهەست ونیستی هاووڵاتیان لەبەر پێی ئەم موزەخرەفاتە پیسە ئیسلامیەدا ووردوخاش دەکەن.

لەم مانگەدا گاگەلی جاهیلانی مفتەخۆری ئیسلامی، وسەرتاپێی ڕاگەیاندنی ڕەسمی وناڕەسمی بۆرژوازی ودارودەستەیان، دەکەونە وێزەی ژیان وشادی وئومێد وکەیف وپێکەنین، بەردەبنە گیانی جوانی وخەون وشعووره ئیسانییەکانەوە، وپەخشی تاریکی ومەرگ ونەگبەتی وقەبر وقیامەت ومەیلی خۆنەویستی دەکەنەوە. مفتەخۆرانی ئیسلامی دەبێت هەموو توانایەک بەکاربەرن بۆ مسۆگەرکردنی کەسب وکاریان. دەبێت لەمانگی ڕەمەزاندا بەجۆرێک کاسەی سەری خەڵک بکوتن هەتا بە11مانگ نەیەنەوە هۆشخۆیان! دەبێت گەشە وپێشکەوتن بەفەسادی ئەخلاقی بدەنەقەڵەم. پێویستە شارستانییت وتەعالی ئینسان بەلووتکەی کوفر وشەڕ نیشانی خەڵک بدەن. دەبێت زانست ودەسکەوتە مێژوویی-کۆمەڵایەتییەکان بەپشتکردنە خودا وگومڕایی لەبەرچاوبخەن. بەیەک قسە، دەبێت بەهەر شیوە وڕێگایەک بێت موقەدەراتی ئیلاهی وەکو یاسای تەسلیمبوون وچارەهەڵنەگر لەمانگی ڕەمەزاندا بکرێتە چارەنووسی ملیۆنەها ئینسانی گۆی زەوی. دەبێت ئەم دنیایە بەئەبەدی وئەزەلی ولەگۆڕاننەهاتوو بقەبڵێنرێت. تەسلیمبوون بەم ژیانە وبەم جیهانەی ئێستا وبەو چارەنووسەش بەتەنهاڕێگای ناچاریی بەرپێی ئینسان دابنرێت. ئەرک وفەلسەفەی مانگی ڕەمەزان ئەمەیە.

لەناواخنی خورافەی ڕەمەزاندا یەک بانگەوازی ڕیاکارانە وفریودەرانەی چینایەتی خۆی حەشاردراوە. بەرەی بۆرژوازی وکۆنەپەرست لەپشتی ئەو ئامانجانەی باسکران، یانی لەودیوی ئەزەلی وئەبەدی نیشاندانی دەوڵەمەندی وهەژاریەوە، دێن ودەڵێن؛ ڕەمەزان مانگی "خێر وحەسەناتە". مەلا وئاخوند وزانایانی ئیسلامی دەشیرێنن وکەفدەپەرێنن وبانگەوازی سەرمایەداران ودەوڵەمەندان وحکومەتەکانیان دەکەن، لوتف بفەرموون خێر بەهەژاران بکەن وحەسەنات بکدەن بۆئەوەی "عەدالەتی کۆمەڵایەتی بێتەدی!" دەیانەوێ ملیۆنەها ئینسان بەم پڕوپووچە فریوبدەن ودووریانخەنەوە لەڕێگای خەبات وتێکۆشان لەپێناوی ژێرەوژوورکردنی ئەم سیستەمە وئەم دنیا پێچەوانەیە.

بەڵام مێژووی تائێستا، مێژووی خەبات وتێکۆشان بووە بۆ هێنانەدی ئاوات وئومێدە ئینسانییەکان. هەم زانست وهەم تەجروبەش نیشانیداوە کەتەنها بەدانانی سیستەم

وياسا وكۆمەڵگايەكی ئازاد ويەكسان لەجێگای ئەمەی ئێستا، مێژوو بەسەرەنجامی مەنتيقی خۆی دەگات وبۆهەميشە چەوسانەوە وچينەكان لەبەيندەچن. هەنگاوی يەكەميش لەم ڕاستايەدا تووڕهەڵدان وتێهەڵدانی ئايينی ئيسلام وسەرتاپێێ دەزگا ودامەزراوە دينييەكانيەتی، بەمانگی ڕەمەزانيشييەوە.

بێگومان بزووتنەوەی كوردايەتی فەزای كۆنەپەرستانەی ڕەمەزان دەقۆزێتەوە بۆ تەبليغكردنی سيناريۆی پووچی ڕاپرسی لەسەر دەستووری كۆنەپەرستانەيان. تەبعەن دەستەودامێنی خەڵكی كوردستان دەبن ولێيياندەپاڕێنەوە كەدەنگبدەن. ئومێد دەكەم خەڵكی بەدەنگهاتووی كوردستان وەک چۆن لەبەرامبەر گەندەڵيی ونەبوونی خزمەتگوزارييەكاندا دەستيان بۆدەستی خۆيان بردووە، لەدرێژەی ئەو هەنگاوە عەزيمەياندا، دەستوور ومەستوور وفريوكاری وڕەمەزان وكوردايەتيشيان بە"نا"يەكی توووند وبەهێز بدەنەوە بەچاوياندا.

2005-10-3